# میتافیزیک چییە؟

**مارتن هایدیگەر***

**و/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز**

**(کۆلیژی ئاداب – بەشی مێژوو)**

**میتافیزیک چییە؟**

لەو پرسیارە چاوەڕێی ئەوە دەکرێت، لە بارەی میتافیزکەوە قسە بکرێت. ئەمە نیازی ئێمە نییە. لە جیاتیان پرسیارێکی دیاریکراوی میتافیزیکی ڕوون دەکەینەوە. بەم پێ و ڕێگایە، وەک دەردەکەوێ، یەکسەر و ڕاستەوخۆ دەچینە ناو میتافیزیکەوە. تەنیا بەم پێودانەیە ئەو هەلە ڕاستەقینەیەمان بۆ دەرەخسێ وێنەکەی لە مێشکماندا بنەخشێنین.

نیازەکەمان بە کردنی پرسیارێکی میتافیزیکی دەست پێ دەکات، ئینجا هەوڵ دەدەین پرسیارەکە توێ توێ بکەین و لە کۆتاییدا وەڵامەکەی بدەینەوە.

**کردنی پرسیارێکی میتافیزیکی**

فەلسەفە- لە ڕوانگەی تێگەیشتنی ساغ و سەلیمی مرۆڤەوە، بەپێی باوەڕی هیگڵ، «جیهانێکی سەرەو ژێرە». بۆیە ئیتر سروشتی ئەرکە تایبەتییەکەمان هەر لەسەرەتاوە، دیاریکردنی نیشانەکانی پێویست دەکات. ئەم تایبەتمەندییە دوو ڕەنگییە لە کارەکتەری پرسیاری میتافیزیکییەوە دەکەوێتەوە.

لەلایەکەوە هەموو پرسیارێکی میتافیزیکی هەمیشە سەرجەمی کێشە میتافیزیکییەکانی گرتۆتە خۆی و خۆبشی هەموو جارێک ئەم سەرجەمە خۆبەتی. لە لایەکی ترەوە هەموو پرسیارێکی میتافیزیکی کاتێک لە کردن دێت ئەگەر پرسیارکەر- وەک پرسیارکەرێک- خۆی لە خۆیدا لەنێو پرسیارەکەدا بێت، واتە، پرسیارەکە خۆبشی بگرێتەوە، لێرەوە ئەم ئاگادارکردنەوەیە دەکەوێتەوە:

پرسیارکردنی میتافیزیکی پێویستە بە سەرجەمی بێت و لە ڕەوشی جەوهەری هەبوونی بوونی پرسیارکەر هەڵبقوڵێ. ئێمەین کە لێرەدا پرسیار دەکەین و ئێستاکە و لەپێناوی خۆمان و بۆ خۆمان. بوونمان- وەک لێکۆڵەرەوە و مامۆستا و خوێندکار و قوتابی- لەلایەن زانستەوە دیار و دەستنیشان دەکرێت. ئیتر چیمان بەسەر دێت بەشێوەیەکی جەوهەری، لەوەدا کە ئێستا کە زانست بووە بە ئارەزوو و حەزی ئێمە؟

مەڵۆ و مەیدانەکانی زانستەکان زۆر لە یەکتری دوور و جیاوازن. جۆری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بابەتەکانیان لە بنەڕەتدا لە یەکتری جیان. ئەو شپرزەیی و پچڕپچڕیەی دیسپلینەکان (پەیڕەوی زانستەکان) تەنیا بەهۆی ڕێکخستنی تەکنیکییانەی زانکۆ و کۆلێجەکانەوە ڕاگیرکراون و بەسایەی ئەو ئامانجە پراکتیکییانەی بەشە پسپۆڕەکان وەک نیاز لێیان هێناون جۆرە بایەخ و واتەیەکیان پاراستووە بە پێچەوانەوە ڕەگوریشە داکوتانی زانستەکان لە بنج و بناوانەوە وشک بووە.

لەگەڵ ئەمەشدا، لە هەموو زانستەکاندا، ئێمە، ئەگەر شوێن پێی مەبەست و ئامانجەکانیان هەڵبگرین، لەگەڵ

بوونەوەر خۆیدا ڕەفتار دەکەین. لە ڕوانگەی زانستەکان خۆیانەوە، ڕاستەوخۆ، هیچ مەڵۆ و مەیدانێک لە پێشتر نییە. نە سروشت (فیزیک) لە مێژوو لە پێشترە و نە بە پێچەوانەوە. هیچ پەیڕەوێکی توێژینەوەی بابەتەکان لەسەرووی ئەوانی ترەوە نییە. زانینی بیرکاری بە هیچ جۆرێک لە هی فەلسەفی و مێژوویی وردتر و ڕێک و پێکتر نییە. تەنیا ئەوەی هەیە کە خەسڵەت و کارەکتەری «وردی و وردەکاری» تێدایە ئەمەش لەگەڵ ڕێکوپێکیدا یەک نییە. ئەگەر داوا لە مێژوو بکرێت ورد و گرد بێت، ئەمە بە پێچەوانەی بیرۆکەی وردەکاری تایبەتی زانستییە گیانییەکانەوەیە. بەپێی ئەو پێوەندییەی کە زانستەکان، وەک زانست، دەبێ بە جیهانەوە هەیانبێت، وایان لێ دەکات کە لە بوونەوەر خۆی بکۆڵنەوە و، بۆ ئەوەی وایان لێ بێت بتوانن بەپێی چییەتی ناوەرۆک و جۆری ئەم بوونە خۆی ببێ بە بابەتی لێکۆڵینەوە و دەستنیشانکردنێکی بنەڕەتییانەیان لە زانستەکاندا، بەپێی ئەو بیرۆکە و نموونەی لەبەرچاویانە، نزیکبوونەوەیەک لە پوختە و جەوهەری هەموو شتەکان دەکەوێتەوە.

ئەم پێوەندییە تایبەتمەندییە بە جیهانەوە سەبارەت بە بوونەوەر خۆی لە هەڵوێستێکی بوونی مرۆڤایەتییەوە کە بە ئازادی نوێنراوە، پەیدابووە و ئاراستەکراوە و کەوتۆتەوە، کردەوە و کرداری مرۆڤ جا پێش زانست بن یاخود لە دەرەوەیدا پێوەندییان بە بوونەوەرەوە هەیە. زانست تایبەتمەندی خۆی لەوەدا هەیە کە بەشێوازێکی تایبەتی خۆی، بە مەبەستەوە و بەتایبەتی یەکەم وشە و دوا وشە بە شت خۆی دەسپێرێ. لەم جۆرە بابەتی بوونەی پرسیارکردندا و لە دەست نیشان کردن و بەڵگە هێنانەوەدا جۆرە ملکەچ بوونێکی تایبەتی سنووردار زانست بەرامبەر بە بوونەوەر پیادە دەبێت، بۆ ئەوەی ڕێگا بە خۆی بدرێت، خۆی دەربخات. لەم خزمەتگوزارییەی لێکۆڵینەوە و تیۆری زانینەوە جۆرە بنچینەیەکی شیاوەکی و توانای تایبەتی، بەڵام سنورداری ڕابەریکردن لەسەرجەمی بوونی مرۆڤ پەیدا دەبێت. ئێمە کاتێک دەتوانین لە پێوەندی تایبەتی زانست بەجیهانەوە و هەڵوێستی ڕابەرێتی کاری مرۆڤ لە بەرامبەریدا بە تەواوەتی تێبگەین کاتێک بەچاو دەبینین و پەی پێ دەبەین ئەو پێوەندی بوونە بە جیهانەوە چی بەسەردێت مرۆڤ – وەک بوونەوەرێک لەنێوان ئەوانی تردا– زانست پیادە دەکات. لەم چالاکییەدا لەوە کەمتر ناقەومێ کە بریتییە لە چوونە ناو بوونەوەرێکەوە، کە مرۆڤی پێ دەوترێ، چوونە ناو سەرجەمی بوونەوەرەوە، ئەم چوونە ناو پاوانی بوونەوەر و بەهۆیەوە، ئەو چییە و چۆنە، دەردەکەوێ و دەکرێتەوە. ئەم چوونە ناو پاوانەوەکە دەرکەوتن و کرانەوەی لێ دەکەوێتەوە پێش هەموو شتێک و بەشێوازی تایبەتی خۆی یارمەتی بوونەوەر دەدات خۆی بداتەوە بەخۆی.

ئەم سێ ڕەنگە، پێوەندی بە جیهانەوە، هەڵوێست، چوونە ناو پاوانەوە، کە لە ڕەگ و ڕیشەدا یەکە یەکن جۆرە ساکاری و وردەکارییەکی ئاگرپژێنی بوون Da-sein لە بوونی زانستدا بەرپا دەکات. ئەگەر بێتوو ئێمە ئەو بوونە زانستییە ڕووناک و ڕەوانە بکەینە موڵکی خۆمان، ئەوا پێویستە بەناچاری بڵێین:

ئەوی پێوەندی بوون بە جیهانەوە نیشانی دەدات، بوونەوەر خۆیەتی، نەک هیچی تر.

ئەوەی هەموو هەڵوێستەکان ڕێنمایی لێ وەردەگرن، بوونەوەر خۆیەتی، نەک هیچی تر.

ئەوی بەهۆیەوە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە چوونە ناو پاوانەوە دەکەوێتەوە، بوونەوەر خۆیەتی و لەمەوە بەولاوە هیچی تر نییە.

ئەوی سەیرە– لەوەدایە، کاتێک مرۆڤی زانست پیشە دڵنیا دەبێ لەوەی خۆی چییە، ئیتر بە ڕوونی بێت، یان نا باسی یەکێکی تر دەکات. ئەوی پێویستە لێی بکۆڵرێتەوە، دەبێ هەر بوونەوەر بێت نەک هیچی تر، بوونەوەر بۆ خۆی بە تەنیا نەک هیچی تر– بوونەوەر بەتاک و تەرا بەهیچی تر لەو بەولاوە.

کەواتە ئەم هیچە چییە؟ ئایا ئەمە ڕێککەوتە کە ئێمە لەخۆمانەوە بەو جۆرە دەدوێین؟ ئایا ئەمە جۆرێکە لە ئاخاوتن و ئەگینا هیچی تر نییە؟

ئیتر چی وامان لێ دەکات خەمی ئەم هیچە بخۆین؟ هیچ ڕاستەوخۆ لەلایەن زانستەوە ڕەت دەکرێتەوە و وەک نالەبارێکی ڕووت دووردەخرێتەوە. ئایا ئەگەر ئێمە بەم شێوەیە دەستبەرداری هیچ ببین، جارێکی تر پەسەندی ناکەینەوە؟ ئایا دەکرێ باسی پەسەنکردن بکەین، کاتێک هیچ پەسند دەکەین؟ دوور نییە ئەم بێنە و بەردەی قسەکردنە لە شەڕە قسە بەولاوە هیچی تر نەبێت. بەپێچەوانەوە پێویستە ئێستاکە زانست سەرلەنوێ دروستی خۆی و تامەزرۆیی خۆیی ساغ بکاتەوە کە تاکە شتی گرنگ بەلایەوە بوونەوەرە. هیچ دەکرێ بۆ زانست لە تۆقین و وەهم بەولاوە بێت؟ ئەگەر زانست لەسەر هەق بێت، ئەوا تاکە شتێک ساغ دەبێتەوە: زانست دەیەوێ هیچ شتێک لە بارەی هیچ نەزانێ. ئەمەیە لە کۆتاییدا

تێگەیشتنی وردی زانستییانەی هیچ. ئێمە ئەم هیچە دەزانین لەوەدا کە نامانەوێ لە بارەیەوە، لە بارەی ئەم هیچەوە، هیچ بزانین.

زانست دەیەوێ لە بارەی هیچ، هیچ نەزانێ، بەڵام شتێک بە دڵنیایی لێ کراوی دەمێنێتەوە، لەوێ، لەو جێگایەی کە دەیەوێ و هەوڵ دەدات زانینە تایبەتییەکەی خۆی دەرببڕێ بۆ یارمەتی پەنا دەباتە بەر هیچ. ئەوی بەلای ناوە جارێکی تر پەنای بۆ دەباتەوە. ئیتر چ سروشت و جەوهەرێکی ناکۆک و پچڕپچڕی(١) لێرەدا خۆی دەردەخات؟

کاتێک ئێمە بیر لە بوونی بەرچاوی خۆمان دەکەینەوە و لێی ورد دەبینەوە- وەک بوونێک بەهۆی زانستەوە دیار و دەستنیشان کرابێت- ئەوا ئێمە دەکەوینە نێو گێژاوی تەنگژەو کێشە و بەرەوە. بەهۆی ئەم کێشە و بەرەیەوە پرسیارێک دەکەوێتەوە. پرسیارەکە تەنیا یەک شت داوا دەکات بە شێوەیەکی تایبەتی دەربېڕدرێ: چی لە بارەی هیچەوە(٢)؟

## ڕوونکردنەوەی پرسیارەکە

ڕوونکردنەوەی پرسیارەکەی لە بارەی هیچەوەیە دەبێ ناچارەکی بمانخاتە بارودۆخێکەوە بزانین و پەی بەرین ئایا، وەڵامدانەوەکەی دەشێ یاخود لە کردن نایەت. پێشتر هیچ پەسندکرا. زانست، بە کەمتەرخەمی و یەک پێ نەکەوتنێکی زەبەندەوە لە دژی، دەست لەو شتە هەڵدەگرێ کە نابوونە و نییە.

لەگەڵ ئەمەدا، هەوڵ دەدەین، لە بارەی هیچ بپرسین، هیچ چییە؟ یەکەم بەرەو پیرچوونی ئەم پرسیارە شتێکی نائاسایی نیشان دەدات. لەم پرسیارەدا، ئێمە- هیچ- هەر لەسەرەتاوە بەشتێک دادەنێین کە «ئەو» ئەمە و ئەوەیە، هەروەک بوونەوەرێک بێت، کەچی ئەو بە ئاشکرا و بەگشتی لەمە جیاوازە. پرسیارکردن لە بارەی هیچ- هیچ چییە و چۆنە- ئەوی لە بارەیەوە دەپرسرێ پێچەوانە دەکاتەوە بۆ دژی خۆی. پرسیارەکە خۆی بابەتی تایبەتی خۆی لە خۆی زەوت دەکات.

بەم پێیە هەر لەسەرەتاوە هەموو وەڵامدانەوەیەکی ئەم پرسیارە لە کردن نایەت، چونکە ئەو ناچارەکی لەم چوار چێوەیەدا دەبزوێ: هیچ ئەمە و ئەوەیە. پرسیار و وەڵامەکە لە بارەی هیچ بە هەمان شێوە لە خۆیاندا بێ واتان.

بۆیە پێویستی بەوە نییە، لەسەرەتاوە، لەلایەن زانستەوە ڕەت بکرێتەوە. ئەو بنەمایەی بە گشتی وەک بنەمایەکی گشتی بیر لە لایەن هەموانەوە پەسند دەکرێت، کێشەی ناکۆکی کە دەبێ خۆی لێ بپارێزدرێ و - مەنتیق-ی هەمەکی هەمووی ئەم پرسیارە پەک دەخەن. بیر کە هەمیشە لە پوختەکەیدا بیرکردنەوەیە لە شتێک، پێویستە وەک بیرکردنەوە لە هیچ دژی جەوهەر و سروشتی تایبەتی خۆی کاربکات و چالاک بێت.

لەبەر ئەوەی بەهیچ جۆرێک بۆمان ناکرێت- هیچ بە گشتی بکەین بە بابەتێک، بەمە ئێمە بەپرسین لە بارەی هیچ گەیشتووینەتە کۆتایی - ئەویش بەو گریمانەیەی کە کردوومانە، لە پرسیارەکەماندا مەنتیق بالاترین بڕیاردەرە، تێگەیشتن ئامرازە و بیرکردنەوە ڕێگایە بۆ ئەوەی لە بنەڕەتەوە لە هیچ بگەین و لەبارەی شیاوەکی دەرخستنی بڕیار بدەین.

بەڵام، ئایا دەکرێ دەست لە دەسەڵاتی مەنتیق بدرێ؟ ئایا تێگەیشتنی (فام) (ژیر) لەم پرسینەدا لەبارەی هیچ بە ڕاستی ئاغا نییە؟ بە یارمەتییەکەی دەتوانین تەنیا بەگشتی هیچ دەستنیشان بکەین و ئەگەرچی نەشتوانین هیچ وەک کێشەیەکی خۆ خۆرەوە بەکاربخەین. هیچ ناکردنی هەمەکی سەرجەمی بوونە، نابوونی سادەی بێ گەردە. ئێمە بەو جۆرە دەربڕینە هیچ پابەندی دەستنیشان کردنێکی بالای هیچێتی نالەبار دەکەین، وەک دەرکەوێ هی ناکردن. ناکردن بەپێی ڕێ و شوێنی باو و دەست بالا و هیچ کاتێک دەسکاری نەکراوی مەنتیق، کردارێکی تایبەتمەندی تێگەیشتنی و ژیرە. چۆن دەتوانین کەواتە، لاف لێ بدەین کە لە پرسین لە بارەی هیچ و لە پرسی لە بارەی دانانی ئەم پرسینە و پرسەیە خۆی دەمانەوێ دەستبەرداری ژیر ببین؟ لەگەڵ ئەمەدا ئایا ئەوەی گریمانەی دەکەین جێگای دڵنیایی لێ کردنە؟ ئایا هیچەکەو، ڕەوشی نالەبار و ئینجا لەگەڵیدا ناکردن خۆی دەستنیشانکردنێکی بالا کە هیچ وەک جۆرێکی تایبەتیدا ناکردن تێیدا بێت نیشان دەدەن؟ ئایا هەربۆیە هیچ هەیە، چونکە نالەبار واتە ناکردن هەیە؟ یاخود بابەتەکە بە پێچەوانەوەیە؟ ناکردن و نالەبارەکە هەربۆیە هەیە، چونکە هیچ هەیە؟ ئەمە تا ئێستا بەلایەکدا نەخراوە بگرە هەرگیز نەگەیەنراوەتە ئاستی پرسیارێکی ئاشکرا و ڕاشکاو. ئێمە لاف لێ دەدەین: هیچ ڕەسەنتر و بنەڕەتترە لە نالەبار و ناکردن.

ئەگەر ئەم تێزە ڕەوابێت، کرداری ژیر و ژیر خۆیشی بە جۆرێک لە جۆرەکان پشت بە هیچ دەبەستن. ئیتر چۆن دەتوانێ بخوازێ لە بارەی ئەمە بڕیاربدات؟ ئایا لە کۆتاییدا ناکۆکی ڕوخسارەکی پرسیار و وەڵامەکەی لە بارەی هیچ بەند نییە سەرکێشی و کەللە(٣) ڕەقی

کوێرانەی ژێر سەرگەردانەوە؟

ئەگەر بەهۆی لە کردن نەهاتنی ڕوخسارەکی (فۆرماڵییانە)، پرسین لە بارەی هیچ بە تەفرە نەچین و گوێمان لەمە نەبێت و ئێمە هەر پرسیارەکە بکەین،، ئەوا پێویستە ئێمە بەلای کەمەوە بەوە ڕازی بین، کە وەکو پێداویستی بنەڕەتی شیاوەکی دانانی هەر پرسیارێک وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەگەر هیچ -هەر خۆی بێت- ئیتر هەمیشە چۆن پێویست بێ بپرسرێ، دەبێ ناچارەکی لەسەرەتاوە هەبووبێت. پێویستە ئێمە بتوانین ڕووبەڕووی ببینەوە.

لە چ جێگایەکدا بەدوای هیچدا بگەڕێین؟ چۆن ئێمە هیچ دەدۆزینەوە؟ ئایا پێویستە ئێمە، بۆ ئەوەی مشتێک بدۆزینەوە، بە گشتی ئەوە بزانین کە ئەو هەبووە. ئەوی ڕاست بێت! مرۆڤ لە سەرەتاوە و بەگشتی دەیەوێ کاتێک بەدوای شتدا بگەڕێ ئەگەر پێشەکی هەبوونی ئەو شتەی بەدوایدا دەگەڕێ بە هەبوو دابنێ، هیچکە خۆی ئەوەیە کە گەڕانەکەی بەدوادا دەکرێت. ئایا لە کۆتاییدا بەبێ ئەو بەهەبوو دانانە گەڕانەوەکە دەکرێ، گەڕانێک بەدوادا دۆزینەوەیەکی تێدا نییە؟

ئیتر بابەتەکە هەر چ چونێک بێت، ئێمە هیچ دەزانین و دەناسین، تەنانەت ئەگەر ئەو هەر تەنیا ئەوەش بێت کە ڕۆژانە لێرە و لەوێ لە بارەیەوە دەدوێین. ئەم هیچە ساکارە، ڕەنگ زەرد و زەبوون و کاڵبووەوە ئاشکرایە، کە لە ئاخاوتنماندا سەرگەردانە بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، دەتوانین بێ سڵکردنەوە ئەم جۆرە پێناسەیەی بۆ دابین بکەین:

هیچ ناکردنی تەواوەتی سەرجەمی بوونە. ئایا ئەم خەسڵەت و کارەکتەرەی هیچ لەکۆتاییدا بە پەنجە ئەو تاکە ڕێگایەمان نیشان نادات کە ئێمە دەکرێ بە تەنیا تووشی یەکتری ببینەوە؟

دەبێ لەسەرەتادا سەرجەمی بوون هەبوو بێ ئینجا بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەو وەک ئەمە دووچاری ناکردنی بنەڕەتی ببێ بۆ ئەوەی هیچ بتوانێ خۆی لێوەی بکەوێتەوە، بەڵام بەبێ گوێدانە کێشە و بەرەی پێوەندی نێوان ناکردن و هیچ، چۆن دەتوانین و پێویستە لەسەرمان- وەک جەوهەری کۆتایی و سنووردار- تێکڕا و کۆی بوون لەسەرجەمیدا و لەخۆیدا، لە هەمانکاتدا وابکەین دەستمان بیگاتێ؟ ئێمە دەتوانین سەرجەمی بوون هەر لە «بیرۆکە- ئیدێ»دا بە بیرماندا بێنین و ئەوەی بە خەیاڵماندا هاتووە لەبیردا نای بکەین و بە نا بیربکەینەوە. بەم ڕێگایە چەمکی فۆرماڵی هیچ بە خەیاڵدا هاتوومان دەستگیر دەبێ، بەڵام هەرگیز هیچ خۆمان دەستگیرنابێ، بەڵام هیچ شت نییە و، لەنێوان هیچی بەخەیاڵدا هاتووە هیچی تایبەتیدا ناکرێ جیاوازی هەبێ، ئەگەر بە جۆرێکی تر هیچەکە ئەوپەڕی بێ جیاوازییەکی تەواوەتی نیشان بدات. ئایا هیچی (تایبەتی- ڕاستەقینە) خۆی جارێکی تر چەمک بۆچوونی هیچێکی هەبووی شاراوە و گەڕانەی تەنیا بەهۆی شارەزاییەکی بنەڕەتی هیچەوە ڕەواییەکەی ساغ دەبێتەوە. ئەگەر شتێکی دڵنیایی بێ کە ئێمە هەرگیز سەرجەم و تێکڕای بوون لە خۆیدا ناتوانین پەی پێ بەرین ئەوا ئێمە بە دڵنیاییەوە خۆمان لەنێوەڕاستی ئەو بوونە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی بەتێکڕایی دەردەخات دەبینینەوە. لەکۆتاییدا لەنێوان پەیبردن بە سەرجەمی بوون لەخۆیدا و خۆ دیتنەوە لەنێوەڕاستی بوو لەسەرجەمدا جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە. ئەویان لە بنەڕەتدا لە کردن نایەت، ئەمەیان بەردەوام لە بوونی ئێمەدا دەقەومێ. وا دێتە بەرچاو بێ سێ و دوو لێ کردن، هەروەک ئەوەی لە کرداری ڕۆژانەماندا تەنیا بەم یاخود بەو بوونە پێوەندیمان هەبێت و دەستبەرداری ئەمە یاخود ئەو مەڵۆبەی بوون بووبین، ئیتر شپرزەیی ڕۆژانە هەر چ چۆنێک دەربکەوێ و بێتە بەرچاو، ئەوا ئەو بابە جۆرێکی تەم و مژاویی لە سێبەریشدا بێت، هەمیشە بوون لە یەکەیەکی یەکگرتووی «سەرجەمدا» دەپارێزێ. کاتێک و تەنیا هەر ئەو کاتەی ئێمە خەریکی شت و خۆمان نابین ئەو بە تێکڕایی و سەرجەمییەوە، بۆ نموونە لە کاتی بێزاری ڕاستەقینەدا، بەسەرماندا دەسەپێ. ئەو، لە کاتی بێزاربوون لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا یاخود لە بینینی ئەو شانۆیە، یان خەریکبوون و لەکاتی بێ ئیشیدا دوورەپەرێز دەبێت، بەڵام دەردەکەوێت کاتێک بێزاری لەخۆیدا لە ئارادا دەبێت. بێزاری توندوقووڵ کە لە قووڵایی هەبووندا وەک تەم و مژێکی ئارام و بێ دەنگ بەم لاو ئەولادا دەچێ و ڕادەکێشێ، هەموو شتێک و مرۆڤ و، ئەوەی لەگەڵ ئەوانن، لەنێو بێ باکییەکی سەیر و سەمەرەدا لە یەکتری نزیک دەکاتەوە، ئەم بێزارییە بوون بە تێکڕایی و سەرجەم دەکاتەوە و دەردەخات.

دەرفەتێکی تری ئەم کرانەوەیە دڵخۆشبوون بەسەردەم بوونی هەبوون، نەک سەردەم بوون و ئامادەبوونی مرۆڤێکی ئاسایی، بەڵکو مرۆڤێکی خۆشەویست دەرەخسێنێ.

لەم ڕەوشە سۆزییەدا کە ئێمە لەم دۆخەدا یاخود ئەویاندا دەبین وامان لێ دەکات هەست بکەین

لەنێوەڕاستی بوون بەسەرجەمەوە داین و گرژییەکەی لە قوولآیی ناخماندایە. هەڵوێستە سۆزییەکە نابێتە مایەی ئەوەی تەنیا ، بەپێی ڕێگای تایبەتی خۆی، بوون لە سەرجەمیدا بوون دەربخات، بەڵکو ئەم دەرخستنە خۆی لە هەمانکاتدا- کە دوورە لەوەی تەنیا ڕووداوێکی ڕووت بێ ڕووداوێکی بنەڕەتی بەدی هێنانی هەبوونی ئێمەیە.

ئەوی ئێمە بە- هەست-ی ناو دەبەین نە نیمچە دیاردەیەکی سەرپێی کرداری بیری و خواستمانە و نە تەنیا هۆکاری پاڵنەری کردارمانە و نە ڕەوشێکی هەبووی مانەوەی شتە کە ئێمە بەهۆیەوە بەم جۆرە یاخود بە جۆرێکی تر کاروباری خۆمانی پێ ڕاهی دەکەین.

لەگەڵ ئەمەدا ئەگەر ئەم ڕەوشە سۆزییانە ئێمە، بەم شێوەیە، بخاتە بەردەم سەرجەمی بوون، ئەوا ئەو هیچەمان لێ دەشارێتەوە کە بە دوایدا دەگەڕێین. ئیتر ئێمە کەمتر ئەو باوەڕەمان دەبێ کە بریتییە لەوەی ناکردنی بوون بە سەرجەمی کە بە پێی سۆز بۆمان دەردەکەوێ، دەمانخاتە بەردەم هیچەوە. هەمان شت دەکرێ بەم پێیە لە بنەڕەتدا تەنیا لە ڕەوشێکی سۆزییانەدا بەپێی مانای تایبەتی دەرخستن، کە هیچ دەردەکەوێ، ڕووبدات ئایا لە بوونی (Da sein) مرۆڤدا ئەم جۆرە ڕەوشە سۆز و ویژدانییەی مرۆڤ دەخاتە بەردەم هیچ، پەیدادەبێ؟

ئەمە ڕووبدات، شتێکە شیاوەکی و ڕاستەقینە، ئەگەرچی بەدەگمەنیش بێت، ئەمە تەنیا لەو ساتەی هەست و سۆزی ترسدا دەبێت. لەو ترسە مەبەستمان تۆقینی نیمچە بەردەوامی باو نییە کە بە ئاسانی جۆرە ئامادەبوونێکی بۆ ترسان(٤) تێدایە و نیشان دەدات. تۆقین لە بنەڕەتدا لە ترس جیاوازە. ئێمە هەمیشە ترسمان لەو یاخود لەم بوونە دیاریکراوە هەیە کە لەم یاخود لەو دۆخ و پێوەندییە دیاریکراوەدا هەڕەشەمان لێ دەکات و ترسان لە..، ترس هەموو جارێک لە شتێکی دیاریکراو دەبێت، لەبەر ئەوەی ترس بە ترسان لە، ترسان بەرامبەر، سنووری بۆ دانراوە، ترساو و ترس لێنیشتوو لەو ڕەوشەیدا کە ترساندوویەتی پابەند و سنوور بۆ داڕێژراو دەبێ. لە هەوڵ و کۆششدا، بۆ قوتار بوون لەو دۆخە دیاریکراوەدا، سەبارەت بە پێوەندییەکەی بە ئەوانی ترەوە دووچاری دڵنیانەبوون دەبێ، واتە بەگشتی تووشی سەرگەردانی دەبێت.

پەشێوی ترسناک دەرفەتی ئەم جۆرە سەر لێ شێوانە نادات، چونکە جۆرە هێمنییەکی تایبەت خۆی جێگیردەکات. ڕاستە پەشێوی هەمیشە پەشێوییە بەرامبەر... هەمیشە پەشێوییە لە بارەی، بەڵام نەک بەرامبەر و لە بارەی ئەم یاخود ئەو شتە دیاریکراوە. دیار و دەستنیشان نەبوونی پەشێوی ئێمە «لە» و «بەرامبەر»، بەهۆی نەبوونی دەستنیشان کردنەوە نییە، بەڵکو ئەنجامێکی بنەڕەتی و پوختەی لە کردن نەهاتنی دەستنیشان کردنە. دەکرێ ئەو بە توێ توێ کردنێکی ئاشکرا و ناسراو ڕوون بکرێتەوە.

لە پەشێوی ترسدا- ئێمە دەڵێین- ئەمە مایەی ناڕەحەتی و سەخڵەتییە: «ئەو» مانای چییە و «ئەمە» چییە؟ ئێمە ناتوانین بڵێین بۆچی و ئەو شتە چییە کە لێی ناڕەحەت دەبین. لەسەرجەمدا ئەمە وایە. هەموو شتێک و ئێمەش خۆمان لە گوێ پێنەدان و کەمتەرخەمی لە بەرامبەریدا قوول دەبینەوە. لەگەڵ ئەمەدا ئەمە بەمانای لەبەرچاو ونبوونێکی ئاسایی نییە، بەڵکو بەخۆ کێشانەوەی بەم شێوەیە شتەکان ڕوو لە ئێمە دەکەنەوە. ئەم خۆ کێشانەوەیەی- هەبوو- لە سەرجەمدا- کە لە پەشێویدا دامان دەگرێ سەخڵەت و ناڕەحەتمان دەکات. هیچ پشت و پەنایەک نامێنێتەوە. لە خۆ کێشانەوە و خلیسکانی بوونە کە لەو «هیچ کامێک» بەو لاوە بۆمان نامێنێتەوە.

**پەشێوی هیچەکە - ئاشکرا و دەردەخات**

ئێمە لە پەشێویدا هەڵواسراوین، بەشێوەیەکی ڕوونتر، پەشێوی وامان لێ دەکات بە هەڵواسراوی بێین و بچین، چونکە ئەو- بوو- بەسەرجەمی بەرەو خلیسکان دەبات، بەم پێیە و لەوێدا، ئێمە خۆمان- ئەو مرۆڤی هەبووە- لەگەڵ هەبوو بۆ نێوەڕاستی بوون دەخلیسکێین، لەبەر ئەم هۆیە ئیتر، نەک «تۆ» و نەک «من» پەشێو و ناڕەحەت دەبین، بەڵکو یەکێک بەم شێوەیە هەستی پێ دەکات. لەم هەڵواسینە جووڵاوەدا تەنیا بوونی بێ گەرد هەیە کە ناکرێ دەست بە دامێنی، هیچەوە بگرێت، بەڵام لەگەڵ مەدا- هەبوو-وە.

لە پەشێوی ترسدا زمانمان دەگیرێ و گۆ ناکات، چونکە بوونەوەر بەگشتی هەڵدەخلیسکێ و هیچ لە هەموو لایەکەوە پاڵەپەستۆ دەکات، لە گوتنی بووندا بێ دەنگ دەبێ. کە ئێمە هەوڵ دەدەین لە ناڕەحەتی پەشێویدا بۆشایی بێ دەنگی بە چەند وشە و گوتەیەکی هەڕەمەکی پڕ کەینەوە، ئەمە بوون و سەردەمەکی هیچ ساغ دەکاتەوە. ئاخۆ پەشێوی هیچ دەردەخات و پەردەی لەسەر لادەدات ئەمە مرۆڤ خۆی، کاتێک پەشێوییەکە یەخەی بەردەدات، ڕاستەوخۆ ساغی دەکاتەوە. بە ڕوونی

سەرنجدان کە بیرەوەری گەرم و گوڕ و نوێی تێدایە پێویستە ئێمە بڵێین: ئەوی بۆی و لە بارەیەوە پەشێوی دایگرتین «بەڕاستی» شتێک نەبوو. ئەوی ڕاست بێت؛ هیچەکە خۆی- وەک هیچ- هەبوو، بووە.

بەم سۆز و تاقیکردنەوەی بنەڕەتی پەشێوی گەیشتینە ڕووداوی بوون کە بەوەدا تێدا پەشێوی دەرکەوت: ئیتر لەمەوە دەبێ بپرسرێ: چی لەبارەی هیچەوە؟

## وەڵامدانەوەی پرسیارە

ئەو وەڵامەی تەنیا خۆی هەر لەسەرەتاوە پوختەی مەبەستەکەمان بوو بەدەستمان هێنا کاتێک ئێمە لەوە ئاگادار بووین کە پرسیارەکە بە ڕاستی و دروستی لە بارەی هیچەوە کراوە. بۆ ئەمە دەبێ بەشتێکی داواکراو گۆڕینی مرۆڤ لە هەبوونیدا کە دەبێتە مایەی بەرپاکردنی پەشێوی لەلای ئێمە، پیادە بکەین، بۆ ئەوەی هیچ بەدەست بگرین وەک چۆن خۆی دەردەخات. لەمەوە داواکاری دووەم دێتە پێشەوە، هەموو ئەو مۆرک و خەسڵەتانەی هیچ کە بەو شێوەیەی باس کرا، پەیدا نەبوون.

هیچ خۆی لە پەشێویدا دەردەخات، بەڵام نەک وەک بوونەوەر. هەروەها وەک بابەتێک ناکەوێتە دەست. پەشێوی کرداری بۆچوون و پەی بردن بە- هیچ- نییە. لەگەڵ ئەمەشدا هیچ بەهۆی ئەوەوە و لە ئەودا دەردەکەوێ، نەک بەو جۆرە کە هیچ سەربەخۆ شان بە شانی بوونەوەر بەتێکڕایی و سەرجەم کە لەنێو نارەحەتی و دڵتەنگیدایە، دەردەکەوێ. ئێمە پتر دەڵێین: هیچ جارێک لە پەشێویدا لەگەڵ سەرجەمی بوونەوەر ڕووبەڕوو دەبێتەوە. کەوابوو مەبەست لە: «یەگجار لەگەڵ» چییە؟

لەپەشێویدا بوونەوەر لە سەرجەمدا بێ هێز و لاواز دەبێت. بە چ مانایەک ئەمە ڕوودەدات؟ بوونەوەر بەهۆی پەشێوییەوە لەناو ناچێ، کاتێک پەشێوی بەمانەوە دەهێڵرێتەوە. چۆن شتەکە بەم جۆرە دەبێ، کاتێک پەشێوی لەبەردەم بوونەوەر لەسەرجەمدا ئەوپەڕی بێ هێز و توانایە. هیچ پتر خۆی لەگەڵیدا و لە بوونەوەردا دەردەخەدا لەوەدا کە وەک خلیسکاوێکی تێکڕاییە.

لە پەشێویدا، هیچ جۆرە لەناوبردنێکی سەرجەمی بوونەوەر لە خۆیدا، ناوقەمێ، هەروەها ناتوانین ئێمە لەناوبردنی بوونەوەر لەسەرجەمدا بەو مەبەستەی هیچ بە تێکڕایی بەدەست بهێنین، پیادە بکەین، بەبێ گوێ پێدان بەوەی کە پەشێوی، وەک پەشێوی بەرامبەر بە پیادەکردنی دەستەواژەیەکی ناکراو بیانییە، ئەوا ئێمە هەمیشە درەنگ دەگەین کاتێک وای دادەنێین کە پەنا کردن هیچ بە دەست دێت. پێشتر هیچ دەستگیر بووە، ئەوکاتە وتمان ئەو «بەیەک جار» لەگەڵ بوونەوەری هەڵخلیسکاودا دەردەکەوێ.

لە پەشێویدا جۆرە پاشەکشییەک لە بەرابەر... هەیە، ئەمە بە هیچ جۆرێک ڕاکردن نییە، بەڵکو ڕێگا خۆشکردنی هێمنییە. ئەم پاشەکشییە لە بەرابەر.. لە هیچەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەمە هیچ شتێک بۆ لای خۆی ڕاناکێشێ، بەڵکو بەشێوەیەکی تایبەتی ڕەتکردنەوەیە. ڕەتکردنەوە لەلای خۆوە وەک ڕەتکردنەوە خلیسکانی نیشاندانی بوونەوەری لەسەرجەمدا نقووم بووە. ئەم ڕەتکردنەوە نیشاندەرانەی خلیسکانی بوونەوەر لە سەرجەمدا، وەک ڕەتکردنەوە، هیچ، لە پەشێویدا پاڵەپەستۆی بوون دەکات، لەخۆیدا پوختەی هیچە: بەهیچ کردنە (Nichtung) ئەو نە لە ناوبردنێکی بوونەوەرە و نە لە ناکردنێکەوە هەڵدەقوڵێ. بەهیچ کردن ناچێتە ژێر باری لەناوبردن و ناکردنەوە. هیچ خۆی بەهیچ دەکات.

بە هیچ بوون هیچ جۆرە ڕووداو و پێشهاتێکی ئاسایی نییە، بەڵکو وەک ڕەتکردنەوەیەکی ئاماژە بۆ بوونەوەری خزاو کردوو لە سەرجەمدا، ئەم بوونەوەرە لەوپەڕی نامۆ بوونە تەواوەتییەکەی کە تا ئەوکاتە شاراوە بوو وەک یەکێکی تری ساکار لە بەرامبەر هیچدا دەردەخات.

لەشەوی مانگە شەوی هیچی پەشێویدا دەرکەوتنی بنەڕەتی بوونەوەر وەک بوونەوەر دەرەخسێ: ئەو بوونەوەرە و هیچ نییە. ئەوەی لەلایەن ئێمەوە وترا «ئەو ناهیچە» ڕوونکردنەوەیەکی دواتر نەبوو، بەڵکو شیاوەکی کردنێکی پێشووتری دەرکەوتنی بوونەوەر بووە بە گشتی. پوختەی بنەڕەتی بە هیچ کردنی هیچ لەمەدایە: بوون لە سەرەتاوە دەخاتە بەردەم بوونەوەر وەک بوونەوەر.

تەنیا لەسەر بنچینەی دەرکەوتنی بنەڕەتی هیچ دەکرێ بوونی مرۆڤ ڕووبکرێتە بوونەوەر و بچێتە ناویەوە، لەبەر ئەوەی بوون بەپێی جەوهەر و پوختەکەی، لەوەدا کە وا نییە و لەوەدا کە خۆی وایە لە بەرامبەر بوونەوەردا کردار دەکات، ئەوا وەک ئەم جۆرە بوونە لە هیچی بەدەرکەوتووەوە دەکەوێتەوە.

بوون ماناکەی ئەمەیە: مانەوە لەنێو هیچدا. مانەوە لەناو هیچدا بوونە بەتێپەڕاندن بەسەر بوونەوەر لەسەرجەمدا. تێپەڕاندن بەسەر بوونەوەردا ئێمە بە ترانسندێنس ناوی دەبەین. ئەگەر بوون لە بنچینەی پوختەکەیدا ترانسندێنس نەبێ، واتە، ئێستا، ئەگەر لە

پێشەوە لە هیچدا نەبێت، ئەوا ناتوانێ پێوەندی کردارانەی لەگەڵ بوونەوەردا هەبێت، ئیتر بەم پێیە لەگەڵ خۆیشیدا. بەبێ دەرکەوتنی بنەڕەتی هیچ، نەبوونی خۆیەتی و نە ئازادی دەبێت.

بەم پێیە وەڵامی پرسیارە تایبەتییەکەی بەهیچ دەستگیربوو. هیچ نە بابەتە و نە بوونەوەرە بەگشتی. هیچ نە بۆ خۆی و نە شان بەشانی بوونەوەر کە لە هەمان کاتدا پێوەی بەندە، دەردەکەوێ. هیچ مەرجی ڕێ خۆشکەری دەرکەوتنی بوونەوەرە، وەک بوونەوەر بۆ بوونی مرۆڤ. هیچ دژە چەمک و بۆچوونی بوونەوەری لێ پێک نایەت، بەڵکو لە پوختەدا سەر بە جەوهەر خۆیەتی. لە بوونی بوونەوەردا لەناوبردنی هیچ ڕوودەدات.

هەر ئێستاکە پێویستە ئەو قسەیەی زۆر لە مێژە خەفەکراوە بە ئاشکرا بکرێت. ئەگەر بوون تەنیا بە مانەوە لەناو هیچدا بتوانێ بەرامبەر بە بوونەوەر کردار بکات و بتوانێ هەبووبێت ئەگەر هیچ لە بنەڕەتدا تەنیا لە پەشێویدا دەرکەوێ، ئایا پێویست نییە لەسەرمان بەردەوام لەم پەشێوییە دابێین و بچین بۆ ئەوەی بەگشتی بتوانین هەبوو بین؟ ئایا ئێمە خۆمان دانمان پیادا نەنا کە ئەم پەشێوییە بنەڕەتییە دەگمەنە؟ بەڵام پێش هەموو شتێک ئێمە هەبووین و پێوەندیمان بە بوونەوەرەوە هەیە کە ئێمە خۆمان ناو ئێمە خۆمان ئەوین، بەبێ ئەم پەشێوییە. ئایا ئەمە داهێنانێکی هەرەمەکی نییە و ئایا ئەو هیچەی دراوەتە پاڵی زێدە پێ لێ هەڵگرتنێک نییە؟ لەگەڵ ئەمەدا، ئەمە مانای چییە:

ئەم پەشێوییە بنەڕەتییە تەنیا لە چەند ساتێکی دەگمەندا ڕوودەدات؟ ئەمە لەوە بەولاوە نییە:

هیچ لەسەرەتاوە و زۆرجار لە بنچینە و بنج و بناوانی خۆیدا شاردراوەیە. چی شاردویەتیەوە؟ بەوە شاردراوەتەوە کە ئێمە بە ڕێگایەکی دیاریکراو بە تەواوەتی خۆمان بۆ بوونەوەر دادەنێین. چەندە زۆر لە چالاکیماندا پێوەندیمان بە بوونەوەرەوە هەبێ، ئەوەندە ئێمە کەمتر بواری ئەم جۆرە خزانە و خلیسکانە دەدەین و پتر لە هیچ دوور دەکەوینەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا خۆمان، بە دڵنیاییەوە، بەرەو ڕوخساری سەرەوەی بوون پاڵ دەنێین.

ئەم شێوازە بەردەوامەی، ئەگەرچی تەمومژاوی و ڕوون نییە، دوورە پەرێز بوون لە هیچ، بە سایەی ئەو مانا تایبەتییەی هەیەتی، لە سنوری دیاریکراو تێناپەڕێ. هیچ، لە کرداری خۆ بە هیچ کردندا، ڕاستەوخۆ بۆ لای بوونەوەر دەمانبات هیچ بەردەوام بەهیچ دەبێ، بەبێ ئەوەی ئێمە لە چوارچێوەی ئەوەدا کە ڕۆژانە ئێمە خۆمان دەجوولێنینەوە، ڕاستی و تایبەتی ئەوەی ڕوودەدات بزانین چی لە ناکردن باشتر و بەهێزتر شایەدی بۆ بەردەوامی و پەخشی هیچ، ئەگەرچی دەرکەوتنێکی چەوتیش بێ، لە بوونی ئێمەدا دەدات؟ ئەم نایە بە هیچ جۆرێک لە خۆیەوە ناخزێتە سەر بۆ ئەوەی وەک ڕێگایەک جیاکردنەوە و پێچەوانەوە بدرێتە پاڵ بابەتی دراو. ئیتر چۆن پێویستە ناکردنی نا لەوەوە بکەوێتەوە، ئەگەر ئەو بتوانی نا بکات ئەگەر لە بنەڕەتدا بەرامبەر بە ناکردنەکە شتێکی پێ نەبەخشرێ، چۆن دەکرێت شتێک کە بکرێ نا بکرێت و ئەوی دەبێ نا بکرێت وەک شتێکی شیاوی ناکردن دابنرێت، کاتێک ئەوەها دەبێت کە بیر هەمووی وەک بیر پێشەکی ئەم نایە پەی پێ بەرێت، هیچ دەتوانێ بەدەرکەوێت کاتێک بنچینەکەی، ناکردنی هیچ بەگشتی و ئینجا هیچ خۆی لە تاریکی شاردراوەییدا دەربهێنرێت. نا بەهۆی ناکردنەوە پەیدا نابێت، بەڵکو ناکردن لەسەر نا دامەزراوە و، لە ناکردنی هیچەوە دەکەوێتەوە، ناکردن تەنیا جۆرە شێوازێکی کرداری ناکارە واتە ڕەوشێکە لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای کاری ناکردنی هیچ دامەزراوە.

بەم پێیە تێزەکەی سەرەوە لە بنج و بنەڕەتەکەیدا ساغ کرایەوە: هیچ بنج و بناوانی ناکردنەو نەک بە پێچەوانەوە. ئەگەر هێز و توانای ژیر و تێگەیشتنی لە بواری پرسین لە بارەی هیچ و لە بارەی بوون تێک شکا، ئەوا بەمە بڕیاری چارەنووسی دەسەڵاتی «مەنتیق» لە چوارچێوەی فەلسەفەدا دەدرێت، بیرۆکەی «مەنتیق» لەگەرداوێکی پرسینێکی بنەڕەتیدا خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە.

ئیتر ناکردن چەندە فرە و زەبەند و هەمەچەشنە بێت لە هەموو بیردا، جا شاردراوە، یان بە ڕاشکاوی بێت، ناکرێ ناکردن تاکە شایەدی ئەوپەڕی دەستبەرکاری بەلایەکداخەری دەرخستنی ئەو هیچەبێ کە لە بنەڕەت و پوختەدا سەر بە بوونە. ئەوی ڕاست بێ ناکردن نە تاکە ڕەوشە و نە بە هیچ جۆرێک وەک کردارێکی سەرەکی ناکار دادەنرێت، بەمە، بوونی ناکردنی هیچ بە لەرزیوی دەمێنێتەوە. سەختی دژکاری و توندو تیژی کینە قووڵ و هەڵدێرترن لە بیرکردنەوەی ڕێکوپێکی ناکردن. ئۆباڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئازاری ڕەتکردنەوە و سەختی و ناحەزیی و نا جوانی قەدەغەکردن. باری سەخت و گران تفتی و تاڵی بێ بەش بوونە.

ئەم شیاوەکییانەی ناکردن- ئەو هێزانەی کە بوون

تێیاندا چارەنووسە ئازار بەخشەکەی هەڵدەگرێ، ئەگەرچی بە تەواویش دەست ڕۆیشتوو نەبێ- هیچ جۆرە ناکردنێکی سادەی ڕووت نین، هیچ ڕێگایان لێ ناگرێ خۆیان بە نەء و بە ناکردن دەربڕن، بەپێی ئەمە بەڕاستی و باشتر بە تاڵی و فراوانی ناکردن بە دەردەکەوێ و ئاشکرا دەبێت. خۆکوتانی کرداری ناکردن بۆ نێو بوون دەرکەوتنی تاریک و تەمومژاوی هەمیشە و ئازادی هیچ نیشان دەدا. لەمەدا، بەڵام هۆیەکەی هەیە: کە ئەم پەشێوییە بنچینەییە زۆرجار لە بووندا بەهێڵراوەیی سەرکوت و خەفە دەکرێت. پەشێویی لێرەدا هەیە تەنیا خەوی لێ کەوتووە. لەنێو بووندا بەردەوام هەناسە دەدات: ئەم هەناسەدانە، لەلای ترساوان بە کەمتر شێوە دەبێ. بگرە لەلای ئەوانەی سەرگەرمی کارکردن و بەبێ ئاگا دەڵێن: بەڵێ، بەڵێ، نا، نا بە ئاستەم هەستی پێدەکرێت، پتر دەبێ بەهۆی ئەوەی لەخۆیدایە، لە هەموویان ئاشکراتر لەوەدایە کە لە بنەڕەتدا ئازایە. ئەمەی دوایی لەوەوە دەکەوێتەوە کە لە پێناوی پاراستنی دوا قەوارەی بوون خۆی ون دەکات.

پەشێوی مرۆڤی ئازا لەگەڵ بەدژ دانان بەرامبەر بە دڵخۆشی یاخود تەنانەت دژی چێژی سادەی چالاکی هێمنیدا هەڵناکات. ئەو، لەودیو ئەم دژانە، هاوپەیمانییەکی نهێنی لەگەڵ لەسەرخۆیی و تامەزرۆیی هێمنی داهێنەردا دەبەستێ. پەشێوی بنەڕەتی دەتوانێ هەموو دەم و ساتێک لە بووندا بە خەبەربێت. پێویستی بەهیچ ڕووداوێکی نائاسایی نییە بۆ ئەوەی بە ئاگابێت. قووڵی دەست ڕۆیشتنی ئەوەندەی کەمی و لاوازی شیاوەکی هاندەرەکەیەتی. هەموو کاتێک ئامادەی بازدانە، بەڵام بەدەگمەن بازدەدات بۆ ئەوەی ئێمە بخاتە نێو ڕەوشی هەڵواسرانەوە. مانەوە و خایاندنی بوون لەناو هیچدا، بەهۆی پەشێوی شاردراوەوە، مرۆڤ دەکاتە ئێشکگر و پاسەوانی هیچ. ئێمە بەکۆتایی و سنووردارین بۆیە ناتوانین لە بنەڕەتدا بەهۆی بڕیاردان و خواستی تایبەتیمان بگەینە بەردەم هیچ. ئەو بە کۆتایی و سنووردارکردنە وا قووڵ و لە بووندا هەڵدەکۆڵێ ئازادیمان تووشی ئەم کۆتایی و سنوورداریـیە تایبەتی و قووڵە دەبێ.

مانەوە و خایاندن لەنێو هیچدا بەهۆی پەشێوی ژێر پەردە و شاردراوەوە تێپەڕاندنی بوونەوەرە لەسەرجەمدا: ئەمە ترانسندێنێتە.

پێویستە پرسینمان لە بارەی هیچ بمانخاتە بەردەم میتافیزیکەوە. ناوی میتافیزیک لە وشەی یۆنانی میتا- تا- فیزیکاوە(٥) کەوتۆتەوە. ئەم ناونیشانە سەیرە لە دواییدا والێکدرایەوە کە نیشانەیەکی ئەم پرسینەیە: میتا- ترەنس، لە سەروو، بەسەر بوونەوەردا وەک بوونەوەر تێدەپەڕێ.

میتافیزیک ئەو پرسینەیە کە لەو بوونەوەرەی لە بارەیەوە دەپرسێ(٦) تێدەپەڕێنێ، بۆ ئەوەی ئەو وەک بوونەوەر لەسەرجەمدا بۆ پەی پێ بردن بهێڵێتەوە. لەو پرسیارەدا لە بارەی هیچ دەکرێت ئەم جۆرە تێپەڕاندنەی بوونەوەر وەک بوونەوەر لەسەرجەمدا دەقەومێ، بەم پێیە ئەم پرسیارە دەبێ بە پرسیارێکی «میتافیزیکی». لەسەرەتادا دوو خەسڵەتی ئەم جۆر پرسیارەمان باس کرد: هەموو پرسیارێکی میتافیزیکی لەلایەکەوە هەموو میتافیزیک بە تێکڕایی دەگرێتەوە. لەلایەکی ترەوە بوونەوەری پرسیار کرد و خۆیشی لە پرسیارەکەدا دەبێ و دەیگرێتەوە.

تا چەند و تا چ ڕادەیەک میتافیزیک لەسەرجەمیدا پرسیار لە بارەی هیچ تێیدایە و دەگرێتەوە خۆ؟

میتافیزیک لە بارەی بابەتی- هیچ- لە زۆر دەمێکەوە بەشێوەی جیاواز خۆی دەربڕیوە: لە هیچەوە هیچ شتێک پەیدا نابێت (ex nihilo nihil fit) لە هیچەوە هیچ دەکەوێتەوە، ئەگەرچی لە ڕوونکردنەوەی بابەتەکە و قسەلێکردنیدا، هیچ کاتێک-هیچ- بە ڕاستی نەبووە بە کێشەیەک، ئەوا ئەو بابەتە بەهۆی ئەم ئاگاداربوونەوە لە -هیچ- تێگەیشتن و بۆچوونی ڕابەرانەی بوونەوەر دەردەبڕێ. میتافیزیکی کۆن (ئەنتیک) -هیچ-ی بە مانای نابوون تێگەیشتووە، واتە، کەرەسەیەکی بێ وێنە و ڕوخسار کە لە توانایدا نییە خۆی بە خاوەن وێنە و وەک بوونەوەرێک دەربکەوێ (ئایدۆس). بوونەوەر ئەو وێنەیەیە خۆی دەرەخسێنێ و وەک وێنە خۆی لە وێنەدا (بە دەرکەوتندا) نیشان دەدات. لە بنەڕەتدا ڕەوایی سنوورەکانی ئەم لە بوون گەیشتنە وەک هی هیچ زۆر بە کەمی قسە یان لێ دەکرێت.

بڕوا (دۆگمای) مەسیحی بەپێچەوانەوە نکۆڵی لە ڕاستی ئەم ڕستەیە دەکات: لە هیچەوە هیچ شتێک ناکەوێتەوە و مانایەکی گۆڕاوی داوەتە پاڵ هیچ کە واتای ئەوپەڕی نابوون و لەبەرچاونەبوون لە دەرەوەی ڕەبدا دەبەخشێ: لە هیچەوە بوونەوەری داهێنراو کەوتۆتەوە. هیچ ئێستاکە دەبێ بە دژە چەمکی بوونەوەری تایبەتی و ڕاستەقینە، یاخود هی بوونەوەری بالا، ڕەب وەک بوونەوەری دانەهێنراو. هەروەها لێرە شیکردنەوەی هیچ تێگەیشتنی بنەڕەتی و بۆچوونی

بوونەوەر نیشان دەدات. لێکدانەوەی میتافیزیکی لانەی بوونەوەر لەسەر هەمان ئاست و ئاقاری لێکدانەوەی هیچەکەیە.

پرسیارکردنەکان لە بارەی بوون و هیچ، وەک بوون و هیچ، هەردووکیان بە ڕەنگ نەرێژراوی دەمێننەوە. بۆیە کەس بەهیچ جۆرێک گوێی بەم گرانی و سەختییە نەداوە: ئەگەر ڕەب لە هیچەوە شت ئافەریدە(٧) بکات، ئەوا دەبێ لە توانایدا هەبێ جۆرە پێوەندییەک لەگەڵ هیچدا بکات. خۆ ئەگەر ڕەب ڕەب بێت ئەوا ناتوانێ هیچ بناسێ و بزانێ، ئەگەر، بەلایەکی تردا، ڕەهایەکە هەموو هیچییەک و کەموکوڕییەک لەخۆی دووربخاتەوە.

ئەم ڕوونکردنەوە ساکارە مێژووییە- هیچ- وەک دژە چەمک و بۆچوونی بوونەوەری ڕاستەقینە، واتە وەک ناکردنەکەی، نیشان دەدات، بەڵام کاتێک هیچ بە جۆرێک لەجۆرەکان دەبێ بە کێشە ئەوا ئەم پێوەندییە ناکۆک و ناتەبایە جۆرە دیاریکردنێکی ڕوونی پێ نابڕێ، بەڵکو بۆ یەکەم جار پرسیاری میتافیزیکی لەبارەی بوونی بوونەوەرەوە دەوروژێنێ. هیچ وەک دیاری نەکراو بەرامبەر بە بوونەوەر نامێنێتەوە، بەڵکو وەک لایەن و سەر بە بوونی بوونەوەر دەردەخات.

«بوونی بێ گەرد و هیچی بێ گەرد یەک شتن» ئەم ڕستەیە کە هیگڵ وتوویەتی: (زانستی مەنتیق کتێبی یەکەم، تێکڕای بەرهەمەکانی بەرگی سێیەم، ل٧٤) ڕاستە. بوون و هیچ پێکەوەن و یەکتری پێک دەهێنن، بەڵام نەک، چونکە هەردووکیان- لە بۆچوونی بیری هیگڵەوە- لە دیاری نەکراویدا و لە ڕاستەوخۆییدا وەک یەکن، بەڵکو چونکە بوون خۆی لە پوختەیدا کۆتایی و سنووردارە و تەنیا لە ترانسندنتی ئەو بوونەی لە هیچدا هەیە و بەهۆی بوونەوەرەوە خۆی دەردەخات.

خۆ ئەگەر پرسین لە بارەی بوونەوە وەک بوون پرسیارێکی سەرتاپاگیری میتافیزیک بێت، ئەوا پرسیارکردن لەبارەی هیچەوە لەو جۆرە دەبێ کە سەرجەمی میتافیزیک دەگرێتەوە. پرسین لە بارەی هیچەوە خۆی دەخاتە نێو سەرجەمی میتافیزیکەو لەوەدا کە ناچارمان دەکات ڕووبەڕووی کێشەی بنچینەی ناکردن ببینەوە، واتە، ناچارمان دەکات بڕیار لە بارەی ڕەوایەتی دەسەڵاتی مەنتیقەوە لە بواری میتافیزیکدا بدەین(٨). ئەم ڕستە کۆنە: لە هیچەوە شت پەیدانابێ، واتایەکی تری دەبێت، واتایەک پێوەندی بە کێشەی بوونەوە هەیە و بەم جۆرەیە: لە هیچەوە هەموو بوونێک وەک بوون کەوتۆتەوە (ex nihilo omne ens qua ens fit) لە هیچی بوونەوە بوونەوەر لە سەرجەمیدا بەپێی ئەو توانایەی خۆی هەیەتی دەگاتە خۆی واتە بەپێی شێوازە کۆتایی و سنووردارەکەی. چۆن پرسیار لە بارەی هیچەوە، ئەگەر پرسیارێکی میتافیزیکی بێت، چۆن بوونەوەرە پرسیارکەرەکەمان دەیکات و بۆی دەچێ؟ ئێمە ئێستاکە و لێرە بوونی شارەزاکەمان بەوە دانا کە لە پوختەیدا بەزانست دەستنیشان دەکرێت. ئەگەر بوونی ئێمەی بەو جۆرە دەستنیشان کراوە لەو پرسیاردا بێ کە لە بارەی هیچەوە کرا، ئەوا پێویستە بەهۆی ئەم پرسیارەوە ببێ بە مایە و جێگای ئەگەر و پرسیارکردن.

بوونی زانستی سادەیی و وردەکارییەکەی لەوەدا پێ دەبڕێ کە پێوەندییەکی ئەوپەڕی چاکی بە بوونەوەر خۆی و تەنیا بە ئەوەوە هەیە. زانست دەیەوێ بە جووڵانەوەیەکی لووت بەرزانە هیچ دووربخاتەوە و بیخاتە لاوە. ئێستا لە پرسین لە بارەی هیچەوە دەرکەوت، ئەم بوونە زانستییە تەنیا کاتێک شیاوەکی دەبێ، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە لەنێو هیچدا بێ و بمێنێتەوە. ئەو تەنیا لەوەدا لە خۆی دەگات ئەگەر بێتوو دەستبەرداری- هیچ- نەبێ. ئەو ڕێک و پێکی و دەست ڕۆیشتوویییەی گوایە زانست هەیەتی جێگای پێکەنینە ئەگەر بێتوو بە ڕاستی هیچ پەسەند نەکات تەنیا، چونکە هیچ دەرکەوتووە بۆیە زانست دەتوانێ بوونەوەر خۆی بکات بە کەرەسە و بابەتی لێکۆڵینەوە. تەنیا ئەگەر زانست لە میتافیزیکەوە بکەوێتەوە و پەیدا بێت دەتوانێ بەبێ پسانەوە ئەرکە جەوهەرییەکەی خۆی درێژە پێ بدات کە لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زانینی پێک نەهاتووە، بەڵکو بریتییە لە هەمیشە سەرلەنوێ بەدیهێنانی دۆزینەوەی بواری سەرجەمی ڕاستی و دروستی سروشت و مێژوو.

تەنیا لەبەر ئەوەی هیچ لە بنەڕەتی بووندا دەرکەوتووە، دەکرێ نامۆیی تەواوەتی بوونەوەر بەسەرماندا بێت. تەنیا کاتێک نامۆ بوونی بوونەوەر پاڵەپەستۆمان دەکات بوونەوە بەخەبەر دەکات و دەیحەپەسێنێ. تەنیا بەهۆی حەپەسانەوە- واتە دەرکەوتنی هیچ-ەوە پرسیاری «بۆچی؟» دەکەوێتەوە، چونکە بۆچی وەک پرسیاری بۆچی لە کردن دێت و شیاوەکییە، دەتوانین بە ڕێگا و شێوازێکی دیاریکراو لە بارەی هۆکار پرسیار بکەین و شت بەهۆکار ساغ بکەینەوە، چونکە ئێمە دەتوانین بپرسین و شت پشتڕاست بکەینەوە، ئەوا چارەنووسی لێکۆڵەرەوە دراوەتە دەست بوونی ئێمە.

پرسین لە بارەی هیچەوە- ئێمەی پرسیارکار- خۆمان دەکات بە جێگای ئەگەر و پرسین، ئەمە پرسیارێکی

میتافیزیکییە.

بوونی مرۆڤ تەنیا کاتێک دەتوانێ پێوەندی بە بوونەوەرەوە هەبێ ئەگەر خۆی لە نێو هیچدا بهێنێتەوە. تێپەڕاندنی بوونەوەر لە جەوهەری بووندا دەقەومێ. ئەم تێپەڕاندنە میتافیزیک خۆیەتی. ئەمەش بریتییە لە: میتافیزیک بەشێکە لە «سروشتی مرۆڤ». ئەو نەپاوانی فەلسەفەی سکولاستییە و نە پاوان مەلۆی بۆ هاتنی هەڕەمەکییە. میتافیزیک ڕووداوی بنەڕەتییە لە بووندا. ئەو بوون خۆیەتی، لەبەر ئەوەی ڕاستی (هەقیقەت) میتافیزیک لەم بنچینە قووڵە بێ بنەدایە هەڕەشەکار ڕاستەوخۆ نزیکترین دراوسێیێتی. هەربۆیە هیچ وردەکارییەکی زانست ناگاتە ئاستی میتافیزیک. فەلسەفە هیچ کاتێک ناکرێت بە پێوانەی بیرۆکەی زانست هەڵبەسەنگێنرێ.

ئەگەر ئەو پرسیارەی پێشتر لە بارەی میتافیزیک قسەی لێ کرا بەڕاستی لە ئێمە بکرێت، ئەوا ئێمە میتافیزیک لە دەرەوەوە ناخەینە بەرچاو. هەروەها ئێمە خۆمان «نەخستۆتە ناویەوە»، ئێمە ناتوانین بەهیچ جۆرێک خۆمانی بخەینە ناویەوە، چونکە- ئەوەندەی ئێمە هەبووین- هەر لەودا هەین: (ئەفلاتون دیالۆگی فیادرۆس ٢٧٩.ئا) (چەندە مرۆڤ هەبێت فەلسەفەکردن بە شێوازی دیاریکراو دەبێت). فەلسەفە- وەک چۆن ئێمە بەو ناوە ناومان لێناوە بریتییە لە بەگەڕخستنی میتافیزیک و تێیدا خۆی بەخۆی و بە ئەرکە ڕاشکاوەکەی(٩) دەکات. فەلسەفە کاتێک دەست بەکاردەبێ ئەگەر بوونی تایبەتی بەپاڵەپەستۆیەکی جۆری تایبەتی دەخرێتە ناو شیاوەکییە بنەڕەتەکانی بوون لە سەرجەمدا. ئەوی لەم پاڵەپەستۆی خستنە ناوەوەدا بەلایەکاخەرە ئەمە: جارێکیان، دەرفەت (جێگا) بۆ بوونەوەر لە سەرجەمدا دابین بکرێت ئینجا خود بۆ کەوتنە ناو هیچەوە بەڕەڵلا بکرێت، واتە ڕزگاربوون لەو وەهمانەی هەموو کەسێک هەیەتی و ئاسایی دەویسترێ چاویان لێ بپۆشرێ، لە کۆتاییدا دەرفەتدان بە لەرینەوە و لەرزینی ئەم ڕەوشە لە هەوادا هەڵواسرانە بۆ ئەوەی بێ پسانەوە بمانخاتە ناو پرسیاری بنەڕەتی میتافیزیک کە هیچ تۆزی پێ لە خۆی دەکات:

بۆچی بەگشتی بوون هەبوو و هیچ و نابوون نەبوو؟

**(*)** مارتن هایدیگەر (١٨٨٩- ١٩٧٩ز) قوتابی ئیدمۆند هوسرل-ی دامەزرێنەری فەلسەفەی فینۆمینۆلوجییە. هەر لەسەرەتاوە سوودی لە پەیڕەوی ئەم فەلسەفەیە وەرگرتووە بۆ ڕشتنی ڕەنگی جۆرێکی تایبەتی فەلسەفەی ئیگزیستیانیالیزم کە لە ڕۆژهەڵاتدا بە فەلسەفەی وجوودی ناسراوە. ئەگەرچی زۆر کەس لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی بەگشتی و فەلسەفەکەیدا بەتایبەتی، نییە و پەسەند ناکەن، بەڵام بەرابەرێک لە ڕابەرە بەناوبانگەکانی فەلسەفەی هاوچەرخی ئەڵمان دادەنرێ. گوایە ماوەیەک کۆمەکی بەنازییەکان کردووە و ئازاری مامۆستاکەی خۆی داوە. گومانی لە بوونی جیهانی دەوروپشت نەکردووە و بەلایەوە میتافیزیک و فەلسەفە ئەرک و ڕۆڵێکی تریان هەیە کە بریتییە لە بایەخدان بە مرۆڤ وەک تاکەکەس و کێشەکانی.

**پەراوێزەکان:**

١- لە چاپی ساڵی (١٩٣١)دا وتراوە: جیاوازی بوونەکی (ئۆنتۆلۆجی) گشتی.

٢- وشەی هیچ لە جیاتی (Nichts)ی ئەڵمانی بەکارهێنراوە.

٣- لەچاپی پێنجەمی ساڵی (١٩٤٩)دا هاتووە: کەللە ڕەقی کوێرانە:

die Certiudo des ego cogito, Subjektivitat.

٤- نووسەر ئەم سێ وشەیەی بەکارهێناوە:

Angst, Aengstlichkeit, turchtsamkeit.

هەرسێکیان ترس و ترسان نیشان دەدەن، بەڵام بە پلەی جیاواز.

٥- واتە لەدوای سرووشتەوە. وەرگێڕ.

٦- ئەوەندەی من لە بابەتەکە بگەم، ئەم پێناسەیەی میتافیزیک تەنیا بەلای هایدیگەر و لایەنگیرانیەوە پەسندە. ڕاستە ئەم بابەتە بەشێکە لە جۆرە میتافیزیکێک، بەڵام میتافیزیک خۆی زۆر لەمە فراوانتر و بەپێزترە. پرسیارەکەی نووسەر دڵۆپێکە لە دەریای پان و بەرینی میتافیزیک بەگشتی.

٧- ئافەریدە لە جیاتی وشەی ئەڵمانی (Schaffen) بەکارهاتووە کە مانای خەڵق دەدات، ئافەریدەکردن بەوەدا لە دروست جیایە کە لە هیچ نابوونەوە بووە و شت پەیدا دەکات. وەرگێڕ.

٨- لە چاپی ساڵی (١٩٢٩)دا بەم شێوەیە نووسراوە: هەمیشە مەنتیقی ئاسایی و لۆگۆسەکەی وەک بنەما و بنچینەی کاتیگۆرییەکان.

٩- لە چاپی ساڵی (١٩٦٧)دا نووسراوە: جەوهەر و پوختەی میتافیزیک و مێژووە دەستڕەنگینەکەی.